کام خێرکردن پاداشتی گەورەترە ؟! فەرمووی: خێر بکەیت لەکاتێکدا تەندروست باش بیت وەرەزیل بیت، لە هەژاری بترسیت وئاوات بە دەوڵەمەندبوون بخوازیت، (خێرکردن) دوا مەخە؛ هەتا کاتێک (ڕۆح) دەگاتە قوڕگت دەڵێت بە فلّان کەس ئەوەندە وئەوەندە، وبە فلّان ئەوەندە وئەوەندە، لەکاتێکدا فلّان بوو بە خاوەنی ئەوەندە وئەوەندە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، کام خێرکردن پاداشتی گەورەترە ؟! ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خێر بکەیت لەکاتێکدا تەندروست باش بیت وەرەزیل بیت، لە هەژاری بترسیت وئاوات بە دەوڵەمەندبوون بخوازیت، (خێرکردن) دوا مەخە؛ هەتا کاتێک (ڕۆح) دەگاتە قوڕگت دەڵێت بە فلّان کەس ئەوەندە وئەوەندە، وبە فلّان ئەوەندە وئەوەندە، لەکاتێکدا فلّان (میراتگر) بوو بە خاوەنی ئەوەندە وئەوەندە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وپرسیاری لێکرد سەبارەت بە باشترین شێوازی خێرکردن، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: خێر بکەیت لەکاتێکدا لەش ساغ بیت وەرەزیل بیت لە نەفسی خۆتدا -واتا: حەزت لە پارە وسامانت بێت بۆئەوەی بۆ خۆت وخێزانت خەرجی بکەیت چونکە زۆرجار مرۆڤی لەش ساغ زیاتر حەزی بە پارە وسامانە لەو کەسەی تەندروستی باش نییە چونکە دەتوانێت بەهۆی لەش ساغیەوە بە ئارەزووی مامەڵەی پێوە بکات بە پێچەوانەی نەخۆشەوە-، وهەروەها پێی فەرموو: خێر بکەیت لەکاتێکدا لە هەژاری دەترسیت ئەگەر تەمەنت درێژتر بێت وهیوای ئەوە دەخوازیت کە دەوڵەمەند بیت، بۆیە خێرکردن دوا مەخە چونکە ئەگەر کاتێک مردن هات وزانیت کە دونیا بەجێدەهێڵێت ئەوا دەڵێیت بە فلّان کەس ئەوەندە خێرم بۆ بکە یان ئەوەندە ببێت بە وەسیەت بۆ ئێوە، وبە ئەوانی تریش هەمان شت بڵێیت؛ لە کاتێکدا ئەو سامانەی تۆ خاوەنیت بۆ فلّان (میراتگر) دەبێت مەبەستی ئەوەیە کەواتە پەلە بکە لە خێرکردن پێش ئەوەی مردن بێت وسامانەکەت دابەش بکرێت وفریای خێرکردن نەکەویت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4252